# کوردەکانی عێراق و

# ئایندەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەمریکا

مایکل ئوهالون، عومەر تسبینار
لەعەرەبییەوە: سیروان محەمەد،لە سایتی سبەییەوە

رۆژ لە دوای رۆژ هەوڵی کوردەکانی عێراق بۆ سەرخستنی پرۆسەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی لە عێراق زیاتر دەبێت، ئەگەرچی ئایندەی عێراق دەوەستێتە سەر ئەو جۆرە لە کەشو هەوای راگرتنی هاوسەنگی، بەڵام هەلومەرجێکی لەوشێوەیە، کاریگەریی خراپی بۆ سەر ئەمریکاو عێراق و دراوسێکانی هەیە. دوو بابەتی سەرەکی هەیە: یەکەمیان کوردەکان لەرێگەی وەبەرهێنانی بیانییەوە بەبێ هیچ رۆڵی بەغدا سەرقاڵی گەشەپێدانی کێڵگە نەوتییەکانی کوردستانن،بەپشتبەستن بە چەند بەندێکی دەستوری عێراق (برگەی ١٠٩ بۆ ١١٢، لەگەڵ چەند برگەیەکی دیکە) کە دەڵێت هەرێمەکان دەتوانن کێڵگە نەوتییەکانیان بەهاوکاری حکومەتی ناوەند پەرە پێ بدەن. دووەمیان گێرانەوە کەرکوک و کێڵگە نەوتییەکانی دەوروبەری بۆ سەر هەرێمی کوردستان ، کە بە ١٥% یەدەگی نەوتی عێراق مەزەندە دەکرێت، کوردەکان دەڵێن لە چوارچێوەی پرۆسەی (تەعریب)ی سەردەمی رژێمی سەدام سەدان خەڵک موڵک وماڵی داگیرکراوەو دەرکراوە، ئێستا دەگەرێنەوە سەر زێدی خۆیان، بەگشتی کوردەکان دەیانەوێت دەست بەسەر کەرکوک و دەوروبەریدا بگرن و بیخەنە سەر هەرێمی کوردستان، کە خوازیارن لە ئایندەدا سەربەرخۆیی وەربگرن، هەر بۆیە کارێکی قورس بوو لە کۆتایی ساڵی (٢٠٠٧)دا ریفراندۆم ئەنجام بدرێت. لێرەوە کوردەکان هەڵەیەکی گەورە دەکەنو پێویستە چاو بە پەیوەندییەکانی خۆیاندا لەگەڵ ئەمریکا بخشێننەوە کە لەدوای روخانی رژێمی سەدامەوە هەلی باشی بۆ رەخساندن کە بەشداربن لە بنیاتنانەوەی عێراق، بۆیە کوردەکان بۆ بەرژەوەندی خۆیانو دروایسێکانیشیان باشە کە بەغدا رۆڵی هەبێت لە گەشەپێدانی کێڵگە نەوتییەکانی کوردستانو دابەشکردنی داهاتەکەی، بۆیە پێویستە کەرکوک لەسیستمی سیاسیی عێراقدا وەک خۆی بمێنێتەوە یان دۆخێکی تایبەتی هەبێت، نابێت بە زەبری هێز بخرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان. ئەگەر کوردەکان پێیانوایە دەسەڵاتی ئێستای عێراق هەرەس


rawezhgovar@yahoo.com

بهێنێت قازانج دەکەن وسەلامەت دەبن و ئەمریکا وەک هاوڕێی کوردەکان دەمێنێتەوە بنکەو بارەگای سەربازی لە کوردستان دادەمەزرێنێتو ئەوەش ڕێگە خۆشکەر دەبێت بۆ سەربەخۆبوونو ئەوە مایەی سەرنجیشە، هەندێک لە سیاسەتمەدارە دیارەکانی ئەمەریکا ناوبەناو باسی خەونی لەو جۆرە دەکەن، هەر ئەوەش هەستی هاتنەدی ئەو خەونەی لای کوردەکان بەهێز دەکات کە هەڵەیە. ئێمە گومانمان هەیە شتی لەو شێوەیە روبدات، لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کوردستان ناوچەیەکی شاخاوییە، دراوسێکانی ، ئێران، سوریا، تورکیا، عێراق دوانیان بە ئاشکرا دوژمنی ئەمریکان کێشەیان لەگەڵ کوردەکان هەیە، هیچیان ڕێگە بە هێزەکانی ئەمەریکا نادەن کە بە ئاسمانی ولاتەکەیاندا بفرێت، هەروەها هیچیان ڕێگە بە کوردەکان نادەن کە نەوت بە خاکەکەیاندا هەناردەی دەرەوە بکات. باشە! بۆچی ئەمەریکا بنکەی سەربازی لە کوردستان دادەمەزرێنێت ، ئەگەر لەگەڵ ئێران شەڕ بکات، ولاتی دیکە لە ناوچەکە هەیە کە پێگەی لەکوردستان باشترە، راستە هێندەی کورد دۆستی ئەمەریکا نییە بەلاَم ئەگەر هەرەشەکانی ئێران زیاد بکات دواجار دەبنە هاوپەیمانی ئەمریکا.

بێگومان هەندێک لە ئەمەریکا سەرسامن بە پرۆسەی دیموکراسیو گەشەسەندنی کوردستان هەست دەکەن کە ئەمەریکا قەرزاری کوردەکانەو لە رابردوودا چەندین جار غەدری لێکردون ڕێگەی بەسەدام داوە تێکیان بشکێنێت، بەلاَم بەشێک لەو قەرزانە دراونەتەوە دوای ئەوەی لە سالَی ١٩٩١ بەدواوە پارێزگاری دەکرێنو لە پێنج سالَی رابردوودا هەزاران سەربازی ئەمەریکا بونەتە قوربانی لە عێراقدا، سەدان ملیار دۆلاریان لە پێناودا خەرجکراوە. باشە ئەگەر کوردەکان یارمەتی ئەمەریکا نەدەن بۆ گێڕانەوەی ئارامیو ئاسایش لەعێراق، پێویستە ئەم پرسیارە بکەین، ئایا هیچ بەرژەوەندییەک لە نێوان هەردوو گەلی کورد و ئەمەریکادا هەیە؟ کەرکوک بدەنو بەدوای خەونی سەربەخۆ بوون بکەون، کەمێک واقیع بین بن ، ئەبێت بزانن ئەگەر دەولَەتی ئێستای عێراق هەرەس بهێنێت ئەوان تەنیا دەمێننەوە لە گۆڕەپانەکەدا، ئەبێت بزانن تورکیا ١٥ ملیۆن کوردی هەیە لە خەونی سەربەخۆیی کوردەکان دەترسێت، هەروەها ئەبێت بزانن شەڕی نێوان تورکیا — کورد شتێکی حەتمی نیە، هەردوولایان دەتوانن هاوکاری سیاسیو ئابووری سەربازی نێوانیان زیاد بکەن، بەتایبەتی لە دژی چەکدارەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان ، پێویستە سەرانی هەولێرو ئەنکەرە هۆشمەندانە بیر لە هاوڕێیەتی راستەقینە بکەنەوە لە نێوان ولاَتانی دراوسێی عێراق تورکیا تاکە ولاَتی دیموکراسیو عەلمانیو دۆستی خۆرئاوایە ئەوەش خالَێکی گرنگی هاوبەشی نێوانیانە. لەراستیدا کوردەکان ئایندەیەکی گەشەسەندوو لەبەردەستیاندایە، دەتوانن لەرێگەی دۆستایەتی تورکیاو گەشەپێدانی پەیوەندییەکانیان لەگەلَ ئەمەریکا ئایندەیەکی باش مسۆگەر بکەن، یان دوای ئەجێندای تایبەتی خۆیان بکەون کە دواجار دەبێتە هۆی لەبەر یەکهەلَوەشانەوەی ولاتەکەیانو تێکچوونی باری ئارامی ناوچەکە.

***مایکل ئوهانون هاوکار لەپەیمانگای بروکینز، عومەر تسبینار هاوکاری هەمان پەیمانگاو مامۆستا لە زانکۆی جەنگی نیشتمانی.**

سەرچاوە: (شەرق ئەلئەوسەت)